# چۆنییەتیی نووسینی وتار و توێژینەوە بە شێوازی ئاکادیمیک!

- بەشی یەکەم -

khatabs@hotmail.com
خەتاب سابیر

نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە سیاسیی و زانستیی و ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی گشتیی و نووسینی وتاری سیاسیی بەتایبەتیی کە زۆرترین ڕێژەی بەردەکەوێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا ، تائێستاش لەناو نووسەران و لێکۆڵەرەوە سیاسیی و بیریارە سیاسییەکانی ناو ڕەهەندی سیاسیی و بزوتنەوەی سیاسیی کورددا زۆرکەم بەشێوەی ئاکادیمیکیی و بنەماکانی نووسینی هاوچەرخ دەنووسرێن. ئەم نووسینە هەوڵدەدات مشتێک بخاتە سەر خەروارێک کۆششی پێشووتر ، کە دراوە و سەرئەنجام لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێت بیر لە ستانداردێکی مۆدێرن بکرێتەوە کە ببێتە بنەوانی نووسین و شێوازی ئاکادیمیکیی و داڕشتنی نووسین لە زمانی کوردیدا.

بەکورتیی ئەم بابەتە هەوڵدەدات ، ستراکتۆر و فۆرمی نووسین لەزمانی کوردیدا بەگشتیی و نووسینی وتاری سیاسیی بەتایبەتیی بداتە بەر توێژینەوەو لەچەندین زنجیرەی بەردەوامدا تیشک بخاتە سەر هێڵەگشتییەکانی چۆنییەتی نووسین بەشێوازی ئاکادیمیکیی ، ئەم نووسینە پشت بە نوێترین سەرچاوەو شێوازی ئاکادیمیکیی دەبەستێ و لەدرێژەی بەشەکانیدا، سەرچاوەکان، بە ئەلفابێتیک دەستنیشان دەکات و خوێنەر بە وردیی دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە .

نووسین لەبوارە جیاجیاکانی قۆناغەکانی خوێندندا وردە وردە هەڵدەکشێ و تا دەگاتە لووتکە، دیارە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر زمانی نووسین ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، چ لەڕووی زمانەوانییەوە ، چ لەڕووی داڕشتن و دەربڕینیشەوە،زمان یەکێکە لە سەرەکیترین پێکهاتەکانی نووسین و داڕشتن، هەر نووسینێک زمانەکەی تەواوکەماڵ و دەنگخۆش نەبوو لەخوێندنەوەداو پچڕپچڕ بێت و ڕستەکانی هیچی بەسەریەکەوە نەبێت و نووسەر توانای ئەوەی نەبێت پارەگرافەکان چۆن بەیەکەوە گرێبدات و گونجاندن و لکاندن ( coherence ) نەبێت لەنێوان سەرەتا و ناوەڕۆک و ئەنجامگیریی وتارەکەدا، بێگومان وتارێکی لات و بێ پێز دەردەچێت و خوێنەر هەر زوو دەستبەرداری خوێندنەوەی دەبێت .

هەندێ نووسەر ، بۆ خۆدزینەوە لەم ڕاستییانە ، پەنا دەبەنە بەر وتنەوەی کۆمەڵێ کلێشەی سواو و بەسەرچوو ، بێ ناوەڕۆک و تەنانەت بێ ماناش ،ئەم جۆرە نووسەرانە ، کە توانایان بەسەر زماندا ناشکێت ، نازانن چۆن خۆیان لەم گرێ کوێرانە دەربکەن، دەچن پەنا بۆ شتی سەیر دەبەن، هەندێکیان زۆر کلاسیکییانەو بەشێوەیەکی ئەبستراکت دەڵێن زمان تەنها هۆکاری

تێگەیشتنی مرۆڤەکانە، گرنگ ئەوەیە بتوانی بەرامبەرەکەت تێ بگەیەنیت، ناوەڕۆکی مەبەستەکەت بدەیت بەدەستەوە، یاخوود کاری نووسەر ئەوە نییە بچێ بگەڕێتەوە بەسەر نووسینەکانیداو کات بەفیڕۆ بدات!، بەکورتییەکەی بیروبۆچوونی ئەم کەسانە ئەوەیە، بەبێ گوێدان بە پێوەرە ئاکادیمیکیی و زانستیی و وێژەییەکان ،زۆرترین قسە هەڵبڕێژرێت و بخرێتە سەر کاغەز و بەوتاری سیاسیی بەخوێنەر بفرۆشرێتەوە.

لەم بوارەدا ،بەشێک لە چەپەکانی کورد، بەدیاریکراویی ، ئەوانەی ئالوودەی ڤایرۆسی خۆبەکەمزانیی بوونە لەبەرامبەر چەپەکانی نەتەوەی سەردەستدا، بەتایبەت لەبەرامبەر هەندێ سۆشیال شۆڤینیستیی چەپی ئێرانیدا ، بەشی شێریان بەردەکەوێ لە گوێنەدان بە رێکوپێکی و ناوەڕۆکی وتار و زمانی نووسین و ستانداردیی داڕشتن و ڕەوانبێژیی لە دەربڕین و نووسینەکانیاندا . بەشێکیان لەو روانگەیەوە لێکی دەدەنەوە کە زمان بۆ خۆی بونیادێکی بانگەشەی ناسیۆنالیزمی کوردەو لە ڕێی پیرۆزکردنی زمانی کوردییەوە ناسیۆنالیزمی کورد ، شەڕی نەتەوەکانی تر گەرم ڕادەگرێ کەزمانیان لەزمانی کوردیی پاراوترو گونجاوترە . بەشێکی تریشیان هەر لەبنەڕەتدا ناسنامەی تاکی کورد و بوونی زمانی کوردیی وەک زمانێکی فەرمیی ناناسن و بەزمانێکی کەچ و کێویی و نامۆدێرنی دەناسن . جێگای باسە ناشێت ئاماژە بە سرووشیی بەرزی نووسینی هەندێ نووسەری باگکراوند چەپ نەکرێت،کە جێگای دەستیان بە ئەدەبی سیاسیی گەلی کوردەوە دیارە .

دوای ئەم بەشە لە چەپی کورد ، دەکرێ بگوترێ گرووپی ڕەهەندو پۆست مۆدێرنیستەکانیش لەڕووی زمانی نووسین و داڕشتنی ناوەڕۆکی وتارەکانیاندا کۆڵەوارییان لەزماندا زۆر پێوە دیارە، هەرچەندە ئەمان لەڕووی مەعریفەوە زۆر پانوپۆڕن لەچاو ئەو بەشە دیاریکراوەی چەپدا، بەڵام زمانی نووسینی ئەمانیش ، بەتایبەتی نووسینی دەساڵ لەمەوبەریان ، ئەوەندە وشک بوو، بەزەحمەت رستەکانیان لەیەک جوێ دەکرانەوە،زیاتر وشەڕیزکردن و رستەلێکهەڵدوورین بوو، بەتایبەت وشەی بیانیی و دەربڕینی بیرمەندانی ڕۆژئاوایی و کۆپیکردنی تایتڵەکانیان و دەقەکانیان، بەشێوەیەکی لاساییکردنەوە دادەڕێژرانەوە . سەرچاوەی سەرەکیی زەخیرەی ئەم کەسانەش ، لەزمانی عەرەبیی و فارسییەوە بوو،مەگەر بەدانسقە لەزمانی ئینگلیزیی و زمانە ئەوروپاییەکانی ترەوە بووبێت. بەواتایەکی تر، دەستی دوو ، هەندێ جار دەستی سێ و چواری کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستیان بەسەر خوێنەری کورددا، بەخراپترین نۆرم ، ساغدەکردەوە .

لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد ، زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبیی نییە، ئەم پاشاگەردانییە هەلومەرجێکی وای رەخساندووە، هەرچی هەڵدەستێ ئەسپی تەروادەی خۆی لە نووسیندا تاودەدات،نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردیی ، ناکاتە ئەوەی کە کورد زمانێکی ستانداردو پرۆفیشناڵیی نووسینی نییە. لەم روانگەیەوە پێڕێک نووسەری لاو پەیدا بوونە ، بەئارەزووی خۆیان

و بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ پرەنسیپێکی زمانەوانیی دەکەونە نووسین،ئەمە جگە لەوەی هەندێ نووسەری بەتەمەن هەن لەکوردداْ، ئەوەندە کۆن و تراژیدیی دەنووسن، مرۆڤ یەقدەکاتەوە تا رستەیەکیان تێدەگات . ئەو زمانە ستانداردەی هەر ئێستا زۆربەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور پێی دەنووسن،زمانێکە دەکرێ زۆر تەڕو پاراوترو دەوڵەمەندتر بکرێ، نەک ئەوەندەی تر سەقەت بکرێ . ئەم زمانە لای کەم دەکرێ لەگەڵ کرمانجی ژووروودا لەڕووی وشە و دەربڕین و ئیدیۆمدا ( ئیدیەم – Idiom ) ، زۆرجوان تێکەڵ بکرێن . هەر ئێستاش زۆر نووسەر بەشێوەیەکی زۆر هونەریی و وەستایانە ئەم کارە جوانە دەکەن .

لینگویستکس ( زانستی زمان – Linguistics) , یان زمانناسیی ، تەنها کاری کەسانی پسپۆرو شارەزایانی زمان نییە، کاری هەموو نووسەرێکە کە دەیەوێ جگە لەزمانەکەی خۆی، سەرچاوەی بەهێزکردنی زەخیرەی ڕۆشنبیرییەکەی زمانێکی تر بێت . ناکرێ نووسەرێک ، زمانی ئینگلیزیی ، فڕانسیی ، ئاڵمانیی ... هتد بکاتە سەرچاوەی خوێندنەوەکانیی و توانای باشی بەسەر ئەو زمانەدا نەشکێ کە لێوەی وەردەگرێ ، لەکاتێکدا تەنها بەزمانی کوردیی شت بنووسێ ، سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئەو زمانەی پێی دەنووسێ وەکو قوڕ وابێت بەدەستییەوەو زۆر بەسەریدا زاڵ بێت و بەتەواوی کۆنترۆڵی بکات ، دەبێ لای کەم توانای بەسەر زمانی لێوەرگیراویشدا بشکێ ،نەک بە فەرهەنگ ( Dictionary ) وشە بەوشەی وەربگێڕێت و بەسەر خوێنەری کورددا ساغیبکاتەوە .

شەرمە بۆ نووسەرێک، خۆی بە ئەدیبێکی باش بزانێ ، شاعیر بێت، ئەندامی پارلەمان بێت، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزب بێت ،ڕۆماننووس بێت یان هەر بوارێکی پرۆفیشناڵیی تر، بەڵام لەهەر لاپەڕەیەکی نووسینەکانیدا دەیان هەڵەی زمانەوانیی ، لەچەشنی هەڵەی ڕێزمانیی، رستەی بێسەرەوبەرە، وشەی ناقۆڵا و بڕگەی شانداچەکاو ، ......هتد لە نووسینەکانیدا نزگرە بەخوێنەر بدات و ساتمەی پێ بکات ، کەچیی خۆیشی بە کەڵە نووسەر و کەڵە ئەدیب و کەڵە شاعیرو کەڵە سیاسیی و تەنانەت خۆی بە مامۆستای زمانی کوردیی بەخەڵک بناسێنێ ، لەکاتێکدا گیانیی دەربچێ نەتوانێ یەک لاپەڕەی بێ هەڵەوکەموکورتیی بنووسێ .

لە سیستەمی خوێندنی رۆژئاوادا ، نەک هەر لە خوێندنی دکتۆراو ماستەرنامەدا، بگرە لە خوێندنی باچلەر ( بەکالۆریۆس _ Bachelor ) و دیپلۆما ( Diploma ) شدا، ستانداردیی زمانی نووسینی ڕیپۆرتاژ و وتار و ( essay ) و توێژینەوە( research ) ، بەیەکەم پێوانەی باشیی و خراپیی بابەتەکە لەبەرچاو دەگیرێ. کاتێک وتارێ ، یان توێژینەوەیەکی زانستیی ، هونەریی، سیاسیی ، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی ، دەدرێتە مامۆستای بابەتەکە، ئەگەر زمانەکەی رەوان و کەمتاسەو مڵ نەبێت ، ستانداریی نووسینەکەی ستاندارێکی ئاکادیمیکیی نەبێ، وانەبێژەکە ( Lecturer ) ئەگەر کەمێک پەرۆشیی ( Enthusiasm ) تیابێت ناچێ سەری خۆی پێوە بیەشێنێت ، پوخت و جوان دەیداتەوە بە خاوەنی بابەتەکەو دەڵێ جارێ زمانەکەی چاک بکە ئەوسا

بیهێنەرەوە . بە دیوێکی تردا ، زمان یەکەمین دەرگای چوونەژوورەوەیە بۆ ناواخنی هەر بابەتێکی نووسراو ، ئەم ستانداردە بۆ ڕۆژنامە و ژۆرنالە پرۆفیشینالەکانی دنیاش هەروایە .

## نووسینی ئاکادیمیکی : Academic writing

ئەم جۆرە نووسینە دەکرێ لەم خالانەی خوارەوەدا کورتبکرێتەوە:

1- فۆرماڵ ( Formal ) بێت ،وشەو رستەکان بەدوور بن لە چوونەوەیەک ، قسەی بازاڕیی تێنەخرێت، وشەکاریی بە سەلیقەوە بەکاربهێنرێت،دووبارەبوونەوەی کەم تیابێت و تەکنیکی زمانەکەی لەگەڵ بابەت و فۆرمی وتارەکەدا بگونجێ .

2- سەرتاپای نووسینەکە ، دەبێ مەبەستدارو بابەتیی ( ئۆبجێکتیڤ- Objective ) بێت و بەهیچ شێوەیەک ،تایبەت بەکەسێ یان بەشتێک نەبێ ، راناوە یەکەمەکان و راناوە لکاوەکان ، بەپێی توانا نابێت بەکاربهێنرێن، ئەگەر هەر لەبنەڕەتدا بەکارنەهێنرێن باشترە،وشەو دەربڕینی ئیمۆتیڤیی ( عاتیفیی Emotive ) بەکار نەهێنرێن . کەسی سێیەمی تاک ، بەشێوەی نادیار لەجیاتی ڕاناوە سەربەخۆو لکاوەکان بەکاربهێنرێ .

3- سەرەکییترین ئارگیومێنت و بۆچوونە گشتییەکان ، دەبێ لە پێشەکیی وتارەکەدا بەکورتیی بدرێتە بەر باس و سەرمەشقەکانی ئەو ئارگیومێنتە دەستنیشان بکرێ .

4- لەدرێژەی ئارگیومێنتەکەدا ، دەبێ لۆژیکی ئەو هەڵبەزو دابەزەی پارەگرافەکان بتوانرێ بەشێوەیەکی زۆر وەستایانەو وردەکارییانە لەیەکتر هەڵکێشرێن بەناو یەکتردا بتوێنەوەو یەکدەنگ ویەکرەنگ و یەک ئاواز بن ، نەک ئاراستەی هەر پارەگرافێک بۆ کەل و دۆڵێک بڕواو سەرئەنجام لۆژیکی ئارگیومێنتەکە وەک ئاردی ناو دڕکی لێ بێت .

5- قسەدەرکردن لەگیرفانی خۆ، دزییە ، لەوەش دزییتر ئەوەیە کاتێک بیروبۆچوونێک هی کەسێکی تر بێت و نووسەر بەتۆبزیی ، سەروگوێلاکی دەقەکە یان بۆچوونەکە بشکێنێ و بیکات بەناوی خۆیەوە . هەر بۆچوونێک ئەگەر نووسەر دڵنیا نەبێ لەکوێوە وەریگرتووە، نەینووسێت باشترە، چونکە لەسەری دەبێت بەماڵ و بە پلەیجەریزم لەقەڵەم دەدرێ .

6- کاتێ نووسەر بیەوێ بۆ شیکاریی سیاسیی بابەتێک ، بەبێ هیچ بەڵگەیەک و بێ هیچ نموونەیەک ، قسە بدات بەسەریەکدا و رستەکان بەسەریەکدا بجەڕێنێت ، هیچ پێوەرێکی ئاکادیمیک وەرناگرێ و سەراپا قسەکان بێ کەڵک دەبن .

7- نووسینی ئاکادیمیک ، دەبێ روون و سادە و رەوان بێت، پێچوپەنای تیادا نەبێ، بەلوغزەوە نەبێت، نابێ شیکردنەوەی جیاواز جیاوازیی لێ بەرهەم بهێنرێ ، بوونی هەر تەپوتۆزێک لە تێگەیشتنی بابەتەکە ، دەبێتە خاڵی لاوازی نووسینەکە .

8- نابێ بۆ فشەو خۆدەرخستن و نێرگزیی نواندن ، وشەی لابەلاو بابەتی لابەلا بخرێتە ناو بابەتەکەوە، دەبێ هەموو وشەکان و رستەکان و پارەگرافەکان لەچوارچێوەی سەرەکیی بابەتەکە دەرنەچن .

9- چەندایەتیی و چۆنایەتیی بابەتەکە لە چوارچێوەی کرۆکی بابەتەکەدا بسوڕێتەوە، دەبێ پتەوبن لە قامک خستنە سەر خاڵی ئارگیومێنتەکان و دواتریش نووسەر دەبێ کارئاسانی بۆ خۆی بکات ، کە بتوانێ بەباشیی و بەبەڵگەو دۆکیومێنتەوە داکۆکی لەبۆچوونەکان و ناوەڕۆک و ستراکتۆری نووسینەکەی بکات، ئەگەر کەوتە بەر رەخنەوە .

ئەم بابەتە درێژەی هەیە .